وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەستگیرکردنی نزیکەی 30 کەسی راگەیاند کە دەیانویست بەقاچاخ بێنە ناو سلێمانیەوە

وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە هێزەکانی سنور، 29 کەسیان دەستگیرکرد کە هەوڵیاندا بە شێوەیەکی نایاسایی و بەشێوەی قاچاخ بچنە ناو پارێزگای سلێمانیەوە و سەرجەمیشیان هەڵگری رەگەزنامەی بیانین.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، فەوجی سێی لیوای سێی پاسەوانی سنور، توانیان 29 تەمەتبار دەستگیربکەن کە هەوڵی بەزاندنی سنورەکانیان داوە بە شێوەیەکی نایاسایی لەڕێگەی سنورە ئیداریەکانی پارێزگای سلێمانیەوە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەبێ ئەوەی ناو و ناسنامەی تەمەتبارەکان ئاشکرابکات ئاماژەی بەوەکردوە، ڕاپۆرتی بنەڕەتی دەستگیرکردن بە تەمەتبارەکان ڕێکخراوە و ڕێکاری یاسایيان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.